# The Impact of Education Policy Changes on Access to Quality Education in Remote Areas: Evidence from Soran

[1], Sozan Wahid Hamad [2] Dr. Yassin Hussen Mamand
[1] Soran University, [2] Soran University

DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.7

*Abstract*

*The term changes in educational policy, refers to all modifications introduced to the educational policy of the Kurdistan region of Iraq following the collapse of the Ba'ath regime in 2003. This research, therefore, endeavors to investigate the impact of these educational policy changes in access to quality education in remote areas, with evidence from Soran city. The primary objective of this study is to ascertain the effects of educational policy shifts in access to quality education, and to understand the current state of education in remote areas, including the challenges they face in accessing quality education. Furthermore, it aims to explore the relationship between neoliberal policies and the education system, specifically how neoliberalism contributes to the reproduction of inequality and disparities in access to quality education. To elucidate this topic, the study employs the (Reproduction Theory). This research adopts a qualitative approach, collecting data through semi-structured interviews and secondary data sources. The research population comprises primary schools in remote areas, and the sample size consists of (18) participants, including school mangers, teachers, and student parents. The findings of this research indicate that the changes in educational policy have a direct impact on access to quality education, particularly in rural areas. Structural barriers such as poverty and gender disparity significantly affect access to quality education. Moreover, neoliberal policies are shown to influence the reproduction of social inequality.*

***Keywords:*** *Education, Educational policy, Quality of education.*

# کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی لە سەر دەستپڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان. شاری سۆران وەکو نموونە.

سۆزان واحد حمد [1] – د. یاسین حسین مامەند [2]

[1,2]زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

مەبەست لە گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پەروەردە، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەیە، کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٣ بە سەر سیاسەتی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا هاتن. هەر بۆیە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە کاریگەری گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی لە سەر دەستپڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان بکۆڵێتەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا زانینی کاریگەری گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی و دەستپڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندنە. هەروەها زانینی ڕەوشی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکان و ئاڵنگارییەکانی بەردەمیان لە دەستپڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن. هەروەها دەیەوێت لە پەیوەندی نێوان سیاسەتی نیولیبڕاڵیزم و سیستەمی پەروەردە تێ بگات، کە چۆن سیاسەتی نیولیبڕاڵیزم بەشدارە لە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی و دەستپڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن. بۆ ڕاڤە کردنی ئەم بابەتە، سود لە تیۆری بەرهەمهێنانەوە (Reproduction) وەرگیراوە. ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی چۆنایەتی دەبەستێت، هەر بۆیە داتاکانی لە ڕێگای ئامرازی چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو و داتا دووەمییەکان (Secondary Data) کۆ کردوونەتەوە. کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوچە گوندنشینەکانن، هەروەها قەبارەی نموونە (١٨) کەسە لە هەر یەک لە بەڕێوبەر، مامۆستا و دایبابی قوتابیان.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەر سیاسەتی پەروەردەییدا هاتوون، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالیتی خوێندن هەیە بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا. بەربەستە پێکهاتەییەکانی وەکو هەژاری و جیاوازی جێندەری کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن هەیە. هەروەها سیاسەتی نیولیبڕاڵیزم کاریگەری لە سەر بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە.

**وشە کلیلییەکان:** پەروەردە، سیاسەتی پەروەردەیی، کوالێتی خوێندن.

**دەروازەی توێژینەوە**

سەربارى ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی لە دنیای ئەمڕۆدا دەکرێن، کەچی لە ئاست هەندێک پرسی تایبەت بە مافی مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤەکان سەرکەوتوو نەبوون، لە ناویشیاندا، پرسی خوێندن و دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێند. کە مافێکی ڕەوای هەموو مرۆڤەکانە بە بێ جیاوازی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئەمڕۆش بەشێک لەناوچەکان بێ بەشن لە بینای قوتابخانە و قوتابخانەی ئامادەیی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی کوردستان قوتابخانەی نێودەوڵەتی، نموونەیی و تایبەت هەیە، کە خوێندن تیایاندا لە ئاستێکی بەرزدایە. ئەم جیاوازییە زۆرە لە خوێندن و دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن، هەڕەشەیەکی مەترسیدارە، کە دەکرێت کۆمەڵگا بە ئاڕاستەیەکی لاداندا ببات، ئەمە وا دەکات هاوبەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا نەمێنێت. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم توێژینەوەیە، کە توێژینەوەیەکی ڕەخنەییە، دەخوازێت سیاسەتی پەروەردەیی دووبارە بە پرۆسەی دارشتنەوە و چاکسازیدا هەنگاو بنێت، چونکە ئەم توێژینەوەیە پێی وایە، ئەگەر سیستمی پەروەردە بەو شێوەیە بەردەوام بێت و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێتەوە، ئەوا کۆمەڵگا توشی لادان و تاوانکاری زۆر دەبێت. هەر بۆیە لایەنی تیۆری و پراکتیکی تێکەهەڵکێش دەکات، بە مەبەستی گۆڕانکاری و چاکسازی کردن، نەک بە تەنیا پێشبینی کردن. لێرەدا، توێژەر پێشوەختە درکی بە کێشەکان کردووە و دەیەوێت لە

مەترسیەکانی ئەو کێشانە بکۆڵێتەوە و ڕەخنە لە سیاسەتی پەروەردەیی بگرێت، کە بۆچی هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو ستراتیجی تایبەتی نییە بۆ پرسی گشتگیری دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن، لە کاتێکدا دەسترانەگەیشتن بە کوالێتی خوێندن بە پێشێڵ کردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت. هەر بۆیە، ئەوەی لێرەدا جێگای پرسیارە ئەوەیە، ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەر سیاسەتی پەروەردەییدا هاتن، چۆن کاریگەرییان لە سەر پرسی دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن و بە تایبەتیش لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکاندا هەیە؟ چۆن ئایدیۆلۆژیای نیولیبرِاڵیزم کاریگەری لە سەر بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە؟ ئەو بەربەستە پێکهاتەییانە چین کە کاریگەرییان لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن لەو ناوچانەدا هەیە؟

## ئامانجەکانی توێژینەوە

١- ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت کاریگەری گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پەروەردە لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن بخاتەبەر باسی توێژینەوە و لە هەڵسەنگاندیان بۆ بکات.

٢- بە دەرخستنی ئەوەی، چۆن ئایدیۆلۆژیای نیولیبرِاڵیزم پەروەردە دەکاتە کاڵایەک بۆ بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی.

٣-دەستنیشان کردنی ئەو بەربەستە پێکهاتەییانەی، کە ڕێگرن لەبەردەم دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن.

٤-هەوڵ دەدات ڕەوشی کوالێتی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکان و ئاڵنگارییەکانی بخاتەبەر باسی توێژینەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکات.

## شیکردنەوەی چەمکەکان

### یەکەم: پەروەردە (Education)

پەروەردە وەکو کایەیەکی گرنگ، یەکێکە لە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگا، پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکیش بەندە بە پێشکەوتنی سیستمی پەروەردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنەکانی تری وەکو سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاویان لە سەر ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن هەیە بە تایبەتی لە قوتابخانەکان و ناوەندەکانی تری خوێندن (نورمان نوری عبدالله، ٢٠٢٣).

لینین (Vladimir Lenin) لە بارەی پەروەردە لە کۆنگرەی سێیەمی گەنجانی شیوعی ساڵی ١٩٩٢دا باس لە پەروەردە دەکات و پێی وایە، کرۆکی پەروەردە، بریتییە لە تێپەڕاندنی پێکهاتەی دەروونییە کۆنەکانی مرۆڤ و بونیاتنانی پێکهاتەیەکی دەروونی نوێ بۆ کۆمەڵگای نوێ، بۆیە لای لینین واتای سەرەکی پەروەردە خۆی لە تێپەڕاندنی گشت هەڵوێستە دەروونی و کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و دابونەریتە کۆنەکانی مرۆڤ و جێگرتنەوەی بە ڕووکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییە تازەکان بۆ کەسیەتی مرۆڤ دەبینێتەوە. چونکە بە بڕوای لێنین ئەخلاقی کۆن لە سەر بنەمایەکی ڕزیو دامەزرابوو، کەسایەتی کۆیلە و ملکەچی بەرهەم دەهێنا، هەر بۆیەش دەیوت پەروەردە نابێت تەنیا زانست فێری تاکەکان بکات، بەڵکو دەبێت ئایدیۆلۆژیای کرێکاران و ڕێگای شۆڕشی سۆسیالیستی بە خەڵک بگەیەنێت. ئەو پێی وا بوو، خوێندن پێویستە بەرفراوان و بێ پارە بێت، بۆ ئەوەی هەموو کەس بتوانێت سودمەند بێت لە زانست، بۆیەش هیوای دەخواست شۆڕشی سۆسیالیستی بچێتە جیهانییەوە (Suoranta, 2020).

لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، پەروەردە دامەزراوەیەکی بێلایەن نییە، بەڵکو شوێنی خەباتی ئایدیۆلۆژییە، وەک بەشێک لە ئامێری دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی کار دەکات (Althusser,1971).

**دووەم: سیاسەتی پەروەردە (Education Policy)**

سیاسەتی پەروەردە بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا کە لە لایەن داڕێژەرانی سیاسەتەوە، کە کاریگەری لە سەر بواری پەروەردە و فێرکردن هەیە، هەروەها ئاڕاستەی تاکەکان،

دامەزراوەکان و کۆمەڵگا بە گشتی دەکات. ڕێنمایی، بودجە، یاسا و پرۆگرام بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی وەک، کوالێتی خوێندن، یەکسانی دەرفەتە پەروەردەییەکان و پەروەردەی مامۆستا لەخۆدەگرێت (Cedering and Wihlborg, 2020).

ئەم سیاسەتەش چوارچێوەیەک بۆ سیستمی پەروەردە دادەنێت و چۆنیەتی پلان و کار کردن و ئامانجەکانی سیستمی پەروەردە دیاری دەکات (Pir, 2024).

سیاسەتی پەروەردە بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ تێپەڕ بوونی کاتدا گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، ئەویش کاریگەری هۆکارە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەر بووە. دەکرێت بڵێین، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سیاسەتی پەروەردەیی لەگەڵ دامەزراندنی قوتابخانە گشتییەکان سەریهەڵدا، ئەو کاتەی بڕیار درا، کە خوێندن بۆ هەموان بەخۆڕایی بێت. هەروەها یاسای تایبەت بە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەرکرا، کە پەروەردەیەکی گونجاو و خۆڕایی بۆ خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت مسۆگەر کرد. جیۆف وایتی(Geoff Whitty) کە بەشداریەکی بەرچاوی هەیە لە شیکردنەوەی سیاسەتی پەروەردەدا، جەخت لە سەر پەیوەندی نێوان سیاسەتی پەروەردە و هێزی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. هەروەها باس لەوە دەکات، کە چۆن سیاسەتی پەروەردە بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا، چونکە جیۆف پێی وایە، سیاسەتی پەروەردە بە تەنیا بڕیارێکی تەکنیکی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بڕیاری سیاسی ئایدیۆلۆژین و کاریگەری قوڵیان لە سەر ژیانی تاکەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگا هەیە (Whitty, 2002). وایتی سەبارەت بە گۆڕانکاری لە سیاسەتی پەروەردەییدا، پێی وا بوو، دیدگاکانی کۆمەڵناسی زیاتر دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە تواناکانی گۆڕانکاری لە پەروەردەدا. بۆ ئەم مەبەستە، وایتی لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان بە هاوکاری مایکڵ یۆنگ، هەوڵیان داوە قسە لە سەر ئەوە بکەن، کە چۆن لە ڕێگای پرۆگرامەکانی خوێندندا، دەتوانرێت گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەییدا بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێ لەوە بگرن، کە چۆن سیستمی

پەروەردە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان فراوانتر بکەن (Whitty, 2002). هەر بۆیەش سەرنجەکانی لە سەر سروشتی دارشتنەوەی سیاسەتی پەروەردەیی چڕ کردەوە، چونکە ئەو پێی وا بوو، بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی زیاتر، پێویستە گۆڕانکاری لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا بکرێت.

لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە، سیاسەتی پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتە چینایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری شیکاری بۆ دەکرێت. هەر بۆیە، مارکسیستەکان پێیان وایە، سیاسەتی پەروەردە بە شێوەیەک دارێژراوە، کە دڵنیایی بدات لەوەی چینی کرێکار و هەژار لە پێگەی ژێردەستەییدا دەمێننەوە (Althusser, 1971).

### سێیەم: کوالیتی خوێندن(Quality of Education)

سیستمێکی پەروەردەییە، کە تیایدا خوێندن نەک تەنیا وەکو ڕێگایەک بۆ پەیداکردنی زانیاری دەبینرێت، بەڵکو وەکو پرۆسەیەکی کاریگەر کە خوێندکاران بەرپرسیارانە بەشداری تیادا دەکەن، بەو واتایەی ئەرکی مامۆستاکان بە تەنیا فێرکردن یان بەخشینی زانیاری نییە، بەڵکو پەروەردە کردنێکی هۆشیارانەیە سەبارەت بە پرسە نیشتمانی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان (Ryzhov et al., 2021).

دەکرێت بڵێین، چەمکی کوالیتی خوێندن، سیستمێکی کوالیتی بێت، بە جۆرێک مامۆستا پلانی هەبێت بۆ کارەکانی و بزانێت چۆن قوتابیانی فێری پەروەردە و فێرکردن بکات، هەروەها، خوێندکاران وا پەروەردە بکرێن، کە ئەو بەرپرسیاریەتیەی خوێندن بزانن و هەوڵبدەن بۆ فێربوون و بەردەوامی بە خوێندن بدەن (Barrett et al, 2006).

لەگەڵ ئەوەشدا، کوالێتی خوێندن بریتییە لە دەستەبەر کردنی هەموو پێداویستییەکانی خوێندن لە قوتابخانەدا، هەتا خواردن و خواردنەوەی خۆڕایی، پشتگیری کردنیان لە خوێندن، یارمەتیدانیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن. هەروەها دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان بە بێ جیاوازی ودەستراگەیشتنیان بە کوالێتی خوێندن بە شێوەیەکی خۆڕایی و بێ بەرامبەر (T, 2022).

## تیۆری توێژینەوە

### تیۆری بەرهەمهێنانەوە (Reproduction Theory)

بنەڕەتی تیۆری بەرهەمهێنانەوە بۆ بیرۆکەکانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی (کاڕل مارکس Karl Marx) دەگەڕێتەوە. بنچینەی سەرەکی قسەکانی مارکس، لە چوارچێوەی تیۆری دووبارە بەرهەمهێنانەوەدا، پەروەردە وەکو ئامرازێک دادەنێت بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی (Cole, 2012). لویس ئاڵتوسێر(١٩١٨-١٩٩٠) کە وەک مارکسیستێکی پێکهاتەخواز ناوی دەرکردووە، لە بابەتی ئایدیۆلۆژیدا، باس لەوە دەکات، چۆن پەروەردە وەکو ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی کار دەکات بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی (Althusser, 1971). ئاڵتوسێر لە وتارەکەیدا بە ناوی ( Ideology and Ideological State Apparatus;196) ئایدیۆلۆژیا و دەزگا ئایدیۆلۆژیاکانی دەوڵەت، مەبەستی خۆی لە چەمکی ئایدیۆلۆژیا ڕوون دەکاتەوە، پەروەردە وەکو دەزگایەکی ئایدیۆلۆژی سەیر دەکات. پێی وایە، پەروەردە نایەکسانی بەرهەم دەهێنێتەوە، بەوەی چینە حاکم و دەسەڵاتدارەکان لە ڕێگای پەروەردەوە خەڵکی سەرکوت دەکەن و وا دەکەن کۆمەڵگا هەمیشە ڕێچکەی چینایەتی وەربگرێت (Althusser, 1971). هاوشێوەی مارکس کە پێی وا بوو، چینی سەرمایەدار، هەمیشە چینەکانی خوار خۆی، کە مارکس بە چینی کرێکار باسی دەکات، سەرکوت دەکات (مەنوچێهر موحسنی، ٢٠٠٦). تیۆری بەرهەمهێنانەوە لای هەر دوو زانای ئەمریکی، بۆوڵز و گینتیز بە شێوەیەکی جیاواز لە تیۆرە کلاسیکەکە باسی بەرهەمهێنانەوە دەکەن. ئەوان بەرهەمهێنانەوە وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکەن

(Cole, 2012). لە بابەتی پەروەردە و قوتابخانەکاندا، پێیان وایە، خوێندن لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و خزمەت کردنی سەرمایەدارەکانە (Bowles and Gintis, 2011). هەر دوو زانا و ئابووریناسی ئەمریکی، بۆوڵ و گینتیز پێیان وایە، پەروەردە وەکو میکانیزمی کۆنترۆڵکردن و بە چینایەتی کردن کار دەکات و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداریدا هاوتەریب دەبێت. بیرۆکەی ناوەندی کارەکانی بۆوڵز و گینتیز، بریتییە لە "بنەمای هاوتایی" (Correspondence Principle). ئەم بنەمایە ئەوە پیشان دەدات، کە پێکهاتەی سیستمی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا، ئاوێنەی پێکهاتەی شوێنی کارە لە ئابووری سەرمایەداریدا (Backer and Cairns, 2021)، بە پێی ئەم بنەمایە: قوتابخانەکان پێکهاتەی پلەبەندی شوێنی کار دووبارە دەکەنەوە، مامۆستا و کارگێڕەکان لە پۆستە دەسەڵاتدارەکاندا هاوشێوەی بەڕێوبەر و خاوەن کارەکانن لە کاروبارەکاندا. لە قوتابخانەکاندا، قوتابیان فێر دەکرێن گوێڕایەڵی دەسەڵاتی مامۆستایان و کارگێڕان بن، هەروەکو چۆن کرێکاران لە شوێنی کاردا گوێڕایەڵی بەڕێوبەران و خاوەنکاران دەبن (Bowles, and Gintis, 1976). بۆوڵز و گینتیز پێیان وابوو، ئەم بنەمای هاوتاییە بە ڕێکەوت و لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکو بەشێکە لە میکانیزمی سیستمی سەرمایەداری بۆ بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەی چینایەتی و دابەشکردنی کار(Bowles, and Gintis, 2011).

ئەم تیۆرە، پەروەردە وەکو ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی سەیر دەکات، چونکە ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکات، کە پێکهاتەی سیستمی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا، هاوشێوەی پێکهاتەی شوێنی کارە، لە ئابووری سەرمایەداریدا. بە سەرنجدان لە بیرۆکەکانی بیرمەندانی تیۆری بەرهەمهێنانەوە، دەتوانین بڵێین، پەروەردە وەکو ئامرازێکی هەژموونگەرایی، نەیتوانیوە تاکێکی ئازاد و خۆبڕیاردەر (self-determining) دروست بکات، بەڵکو تاک وەکو

سوژە تەنیا لە ڕواڵەتدا سەرچاوەی بیرۆکە و باوەڕەکانی خۆیەتی. بەو واتایەی، قوتابخانەکان کۆمەڵێک قوتابی بێڕەخنەگر و پاسیڤ و گوێڕایەڵ بەرهەم دەهێنن، کە بە تەواوی گونجاون بۆ خزمەت کردنی چینی سەرمایەدار و خاوەن دەسەڵاتەکان.

## میتۆدی توێژینەوە

### یەکەم: کۆکردنەوەی داتاکان

یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی بواری توێژینەوەی زانستی بریتییە لە دیاری کردنی میتۆدێکی زانستی، بە تایبەتیش لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دابین دەکات، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، توێژینەوەکان بە بێ میتۆدێکی زانستی دەکرێت بێ بنەما بن و ئەنجامەکانیشی جێگەی باوەڕ پێکردن نەبن. بۆ ئەم مەبەستەش، توێژەران پشت بە میتۆد دەبەستن، کە دەکرێت لە پێناسەیەکی کورتدا بوترێت میتۆد تەکنیکێکی زانستییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە (Bryman, 2016). لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر بە ڕەچاو کردنی بونیادی توێژینەوەکەی، پشتی بە میتۆدی چۆنایەتی ( Qualitative Method) بەستووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی. بۆ ئەم مەبەستە، میتۆدی چۆنایەتی ڕێبازێکە، کە توێژەر دەیگرێتەبەر بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی "بۆچی" و "چۆن" و هەروەها گەڕان بە دوای بۆچوونەکانی نموونەی توێژینەوە و ئەزموونەکانیان. لە میتۆدی چۆنایەتیدا، توێژەر لە ڕێگای ئامرازی جۆراوجۆری تایبەت بەو میتۆدە داتاکانی کۆ دەکاتەوە، هەر بۆیە، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر لە لایەک داتاکانی لە ڕێگای داتا دووەمییەکانەوە کۆکردۆتەوە، لە لایەکی تر، توێژەر ئامرازی چاوپێکەوتن (Interview)ی بەکارهێناوە، کە یەکێکە لە باوترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە توێژینەوە چۆنایەتیەکاندا، هەر لە ڕێگای ئامرازی چاوپێکەوتنەوە توێژەر هەوڵ دەدات، زانیاری قوڵ و مەبەستدار لە سەر لێتوێژراوان بە دەست بهێنێت (Kvale and Brinkmann, 2009). لە کۆی سێ جۆر لە چاوپێکەوتن (چاوپێکەوتنی

ڕێکخراو، چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو، چاوپێکەوتنی ناڕێکخراو) توێژەر سودی لە چاوپێکەوتنی نیمچەڕێکخراو (Semi-structured Interview) وەرگرتووە. هەموو چاوپێکەوتنەکان بە ڕەزامەندی پێشوەختەی لێتوێژراوان ئەنجامدراون، نەوەک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لە ناکاو. ماوەی چاوپێکەوتنەکانیش لە نێوان ٤٣-٥٧ خولەکی خایاندووە.

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە**

لە هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا، گرنگە توێژەر چوارچێوەی توێژینەوەکەی بە تەواوی دیار بێت، بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵگای توێژینەوە (Research Population) کۆی گشتی ئەو یەکانەیە، کە توێژەر دەیەوێت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکات (Creswell, 2013). کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە، قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شاری سۆرانن، کە بە پێی ستانداردەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابخانەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە. ئەم هەڵسەنگاندنە، ساڵانە لە لایەن دڵنیایی جۆری وەزارەتی پەروەردە گرنگی پێ دەدرێت. لەم توێژینەوەیەدا، ئەو قوتابخانانە وەرگیراون، کە لە ئاستی دووەمی هەڵسەنگاندان بۆ ساڵی (٢٠٢٤) کە هەموویان دەکەونە گوندەکانی دەوروبەری شاری سۆران. لە کۆی (١٧٣) قوتابخانە لە ئاستی دووەمی هەڵسەنگاندا، تەنیا (٩) قوتابخانەمان وەرگرتوون، ئەو قوتابخانانەش بە مەبەست وەرگیراون و دەکەونە گوندەکان، کە هەموویان سەر بە پەروەردەی سۆرانن، کە توێژەر پێشوەختە، زانیاری تەواوی لە سەر ئەو قوتابخانانە وەرگرتووە، پاشان هەڵبژاردوون وەکو یەکەیەکی شیکاری توێژینەوە. ئەویش لە ڕێگای جۆری نموونەی مەبەستدار. نموونەکانی توێژینەوەکەش، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکەن (Creswell, 2013)، بریتین لە بەڕێوبەری قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوچە گوندنشینەکان، کە ژمارەیان (٨) کەسە لە ڕەگەزی نێر، مامۆستاکانی ناوچە گوندنشینەکان، کە ژمارەیان (٥) کەسە، (٤) کەس لە ڕەگەزی نێر و (١) کەس لە ڕەگەزی مێ، دایبابی قوتابیان، کە ژمارەیان (٥) کەسە، (٣) کەس لە ڕەگەزی نێر و (٢)

کەس لە ڕەگەزی مێ. لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی هەر یەک لە گوندەکانی (سیتکان، ماویلیان، سەرڕوو، لێلکان، لۆکان)ن.

### سێیەم: شیکاری داتاکان Data Analysis

لێرەدا باسی پرۆسەی شیکردنەوەی داتاکان دەکەین، کە تویژەر لە ڕێگای داتا کۆکراوەکانی (داتا دووەمییەکان و دەقی چاوپێکەوتنەکانی لێتوێژراوان) و تیۆری توێژینەوەکەی هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەی بداتەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە (Thematic Analysis) و (Content Analysis) ئامانجی سەرەکی شیکاری داتای (Thematic Analysis)، دۆزینەوە و شیکردنەوەی نەخشە و سەرە بابەتەکانە لە ناو داتاکانی میتۆدی چۆنایەتیدا (Braun and Clarke, 2022). هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر هەوڵی داوە لە سەرەتادا دەقی چاوپێکەوتنەکانی بنووسێتەوە، دواتر، دوای چەند جارێک خوێندنەوەیان، پاشان، ڕەنگ کردنی ئەو ڕستانەی کە گرنگن، یان ئەو چیرۆک و قسە جیاوازانەی کە لێتوێژراوان وەکو نهێنیەک بۆ توێژەری دەیدرکێنن، دوای هەموو ئەمانە، ئەو قسانەی لە ناو دەقی چاوپێکەوتنەکاندا خزمەت بە بابەتی توێژینەوەکە ناکەن، توێژەر هەوڵی داوە لایانببات و بژاریان بۆ بکات. لە کۆتایی پرۆسەکەشدا، توێژەر هەوڵیداوە کۆد بۆ لێتوێژراوانی توێژینەوە دابنێت لە ژمارە (١–١٨) بۆ ئەوەی دەقی قسەکانیان دیار و تێکەڵ نەبێت، هەروەها وەکو سەرچاوەش مامەڵەیان پێوە بکرێت، هەروەها توێژەر هەوڵی داوە لە ڕێگای خوێندنەوە و دیاری کردنی دەقە گرنگەکان دووبارە کۆد دابنێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان کۆد دانان بۆ دروست کردنی تەوەرەکان، کە توێژەر لە ناو دەقی چاوپێکەوتنەکاندا چەند تەوەرەیەکی ئامادە کردووە بۆ پرۆسەی شیکاری داتاکان. لە شیکاری داتاکاندا، هەوڵ دراوە بە دانانەوەی دەقی چاوپێکەوتنی لێتوێژراوان لە ناو دوو کۆتەیشندا و ئاماژەدان بە کۆدی دەقی چاوپێکەوتنەکان و دانانەوەی قسەکانیان وەک خۆی و بە دیالێکتیکی خۆیان. لە بەشی (Content Analysis)دا، توێژەر هەوڵی داوە ئەو داتایانەی

وەزارەتی پەروەردە دیاری بکات، کە خزمەت بە بابەتی توێژینەوە دەکەن، بە تایبەتیش پرسیاری سەرەکی توێژینەوە کە باس لە کاریگەری گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پەروەردە دەکات لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن. بۆ ئەم مەبەستە، داتاکانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگای شیکاری ناوەڕۆکەوە (Content Analysis) شیکردنەوەیان بۆ کراوە و هەروەها دەقی داتاکانیش وەک خۆیان خراونەتەڕوو.

## گفتوگۆ و شیکاری داتاکان

### تەوەرەی یەکەم: کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پەروەردە لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن

دەکرێت بڵێین، پێش سەر هەڵدانی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن، پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای مزگەوت و حوجرەکانەوە بووە. دواتر وردەوردە گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، تا وای لێهات گۆڕانکارییەکان زۆر و بەرچاو بوون. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٣، سیستەمی پەروەردە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری گەورە بووەوە، هاوکات دەتوانین بڵێین، گۆڕانکارییەکان بە ئاڕاستەی کەم کردنەوەی دەستتێوەردانی حکومەت دەستی پێکرد تا هێواش هێواش بە ئاڕاستەی بازاڕی ئازاد و کەرتی پەروەردەی تایبەتدا ڕۆیشت. کردنەوە و ڕێگەدان بە دروست کردنی قوتابخانەی ناحکومی بە هەر جۆرێک بێت، بە هۆکارێکی باشی دادەنێن و پێیان وایە، هەبوونی ئەم قوتابخانە ناحکومیانە بارگرانی لە سەر شانی قوتابخانە حکومیەکان کەم دەکەنەوە و هاریکارییەکی باشن، هەر بۆیەش ڕێگا دەدات بە کردنەوە و دروست کردنی قوتابخانە ناحکومیەکان، هەر وەک لە دامەزراوەی ڕەنددا (٢٠١٦) هاتووە، کە دەڵێت: ***"دەکرێت قوتابخانە ئەهلیەکان ئەو قورساییەی لە سەر شانی قوتابخانە حکومیەکانە کەم بکەنەوە لە ڕێگای کەم کردنەوەی نەبوونی کەمی بینای قوتابخانە و***

***هەروەها دابین کردنی نموونەیەک بۆ خوێندنێکی کوالیتی بەرز..."*** (جۆرج ڤێرنز و هاوکارانی، ٢٠١٦) هەر لەم بارەیەوە، لە وەزارەتی پەروەردە(٢٠٠٩)دا هاتووە، کە دەڵێت:

"ئامانج لە مۆڵەت پێدان بە دامەزراوە ناحکومیەکان، ڕەخساندنی بواری زیاترە بۆ پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەراورد بە تواناکانی حکومەت، هەروەها سود وەرگرتن لە ئەزموون و پێوەرە زانستییە سەرکەوتووەکان، بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاست و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو"

ئەگەر سەرنج بخەینەسەر ئەو دەقەی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە مۆڵەت دان بە کردنەوەی قوتابخانە ناحکومیەکان. دەتوانین بڵێین، ئامانجی سەرەکی وەزارەتی پەروەردە بریتییە لە بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی ئایدیۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار، کاتێک وەزارەتی پەروەردە ڕێگا بە کردنەوەی دامەزراوە ناحکومیەکان دەدات، بە تایبەتی کە دەوڵەمەند کردنی پڕۆسەی پەروەردە و گرنگی کردنەوەی ئەو دامەزراوە ناحکومیانە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا دەبینێت، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت ئەو پێوەر و ئەزموونانە لە کۆمەڵگادا بچەسپێنێت کە لەگەڵ پێداویستییەکانی سیستمی سەرمایەداریدا دەگونجێن. لە لایەکی تر، ئەگەر بە وردی سەیری دەقەکە بکەین، دەبینین باسی ئەوە دەکات، کە کردنەوەی ئەو دامەزراوە ناحکومیانە یارمەتیدەرێکی باشی حکومەتن، بەوەی کە دەڵێت ***"ڕەخساندنی بواری زیاتر بۆ پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەراورد بە تواناکانی حکومەت"*** ئەمەش دەکرێت پاساوێک بێت بۆ کەم کردنەوەی بەرپرسیارێتی حکومەت لە دابین کردنی پەروەردەیەکی گشتگیر بۆ هەموان. ئەمە لە کاتێکدا، لە وڵاتی سوید پرسی گشتگیری، دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن بۆ هەموان لە پێشینەی کارەکانیانە. هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، کاتێک پەروەردە دەکەوێتە دەستی کەرتی تایبەت، ئەوا ئەگەری دروست بوونی قوتابخانەی تایبەت و گرانبەها زیاتر دەبێت، ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی، کە تەنیا بەشێک یان چینێک لە کۆمەڵگادا بتوانن دەستیان بە کوالێتی خوێندن بگات، لە بەرامبەردا، بەشەکەی تری کۆمەڵگا یاخود چینەکەی تری کۆمەڵگا ڕەنگە ناچار

بن بەو پەروەردەیە ڕازی بن. یەکێکی تر لەو گۆڕانە بەرچاوانەی بە سەر سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا هات، پەرەپێدان بە زمانە بیانیەکانە، بە تایبەت زمانی ئینگلیزی لە ناوەندەکانی خوێندندا گرنگی زۆری پێ دەدرێت، هەروەک لە فەرمانی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆ کۆمپانیا ڕاوێژکارەکان هاتووە و دەڵێت: ***"کۆمپانیا ڕاوێژکارییەکان دەبێت زانیاری پێشکەش بکەن بۆ پەرەپێدان و چاپ کردنی پرۆگرامی خوێندنی زمانی ئینگلیزی..."*** (Ministry of Education, 2022) دەکرێت بڵێین، پەرەپێدان بە پرۆگرامەکانی زمانی ئینگلیزی، ئەگەر مامۆستای ڕاهێنراوی نەبێت، ڕەنگە بە پێی پێویست قوتابیان بەهرەمەند نەبن تیایدا، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر ئەگەر مامۆستای پسپۆری نەبێت، دەکرێت ببێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان کە بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکانی ناوچە گوندنشینەکان کێشەی کەمی مامۆستا و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕیان هەیە، بە تایبەت مامۆستای زمانی ئینگلیزیان زۆر کەمە، زۆر جار مامۆستای بابەتی تر وانەی زمانی ئینگلیزی دەڵێنەوە. هەر وەکو لێتوێژراوی (٧) لەم بارەیەوە باس دەکات و دەڵێت: ***"ئەمن بە خۆم عەرەبیم هەیە، بەس بە گشتی هەموو دەرسەکان ئەڕێمەوە..."*** ئەم دوو پەروەردەییە لە نێوان شار و ناوچە گوندنشینەکان، دەکرێت مەترسیەکانی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی زیاد بکات و کۆمەڵگا دابەشی دوو چینی جیاواز بکات. چینە دەوڵەمەندەکان کە دەستیان بە کوالیتی خوێندنی بەرز دەگات، هەروەها چینە کەمدەرامەتەکان، کە لە لایەک دەستیان ناگات بە کوالیتی خوێندن. هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، ئەم گۆڕانکاریانە بەشێکن لە ئایدیۆلۆژیای نیولیبراڵیزم، کە هەر چەندە بانگەشەی کارایی و باشتر کردنی کوالیتی خوێندن دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا چەندین ئەنجامی نەرێنی بۆ سیستمی پەروەردەی گشتی دروست کردووە. لە شارەکاندا، تایبەتی کردنی کەرتی پەروەردە و بازاڕی کردنی پەروەردە، بۆتە هۆی زیاد بوونی نایەکسانی و جیاکاری، کە تیایدا دەرفەتە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکرێن و قوتابخانەکان زیاتر سەرنج

دەخەنەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی. هەروەها بۆ بەشێک لە پۆلەکانی خوێندن تاقیکردنەوەی نیشتمانی و وزاری پێوەرە بۆ بڕیاردان لە سەر دواڕۆژی قوتابیان، ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی لاواز بوونی بنەما دیموکراسییەکانی پەروەردە و گۆڕینی پەروەردە لە مافێکی گشتی، کە بۆ هەموان ڕەوایە، بۆ کالایەک کە هەموان دەستیان پێ ناگات. هاوکات، دەکرێت بڵێین، ئەو گۆڕانکاریانە لە سیاسەتی پەروەردەدا، کە بەرەو سیاسەتێکی نیولیبڕاڵی هەنگاوی ناوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر ڕەوشی کوالیتی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکاندا. لە کاتێکدا سیستەمە سۆسیالیستەکان، ئامانجیان دەستڕاگەیشتنی گشتگیر بووە، بەڵام لە بەرامبەردا، چاکسازییەکانی نیولیبراڵیزم ڕێبازی بازاڕیان هێنایە ئاراوە، کە گرنگی بە کارایی، کێبڕکێ و هەڵبژاردەی تاکە کەسی دەدات. ئەم گۆڕانکاریانەش بوونەتە هۆی تایبەت کردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان و دروست کردنی جیاوازی لە نێوان شارەکان و ناوچە گوندنشینەکان. دەتوانین بڵێین، ئەو گۆڕانکاریانە لە سیاسەتی پەروەردەیی، زیاتر لە کۆمەڵگا گوندنشینەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە بۆتە هۆی لەدەستدانی ناوەندە گرنگەکانی کۆمەڵگا، هەروەها دەستڕاگەیشتن بە خوێندن لەو ناوچانەدا، کە لە ئاستێکی خراپدایە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، ئەو گۆڕانکاریانە، کە دەستکەوتی سیاسەتی نیولیبڕاڵیزمن، بە شێوەیەک بەرهەڵستی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، لە کاتێکدا، ئەم مافانە سروشتین و بۆ هەموان بە ڕەوا بینراون، لە ڕێگای پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ. لە لایەکی تر بە کالا کردن و بە کارهێنانی پەروەردە وەکو ئامرێزێک بۆ خزمەت کردن بە خاوەن سەرمایە و دەسەلاتدارەکان، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەو گۆڕانکاریانەی کە باس کران، نموونەی بالای سیاسەتی نیولیبڕاڵیزمن، کاریگەرییان لە سەر بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەلایەتی هەیە، بەمەش دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکان بە شێوەیەکی یەکسان دەستیان بە کوالیتی خوێندن ناگات. لە لایەکی تر زۆر لە دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکان بێ بەش دەبن لە سەرەتاییترین مافەکانیان، کە مافی خوێندنە بە خۆڕایی. ئەگەرچی نکۆڵی لە

چاکسازییەکانی نیولیبراڵیزم ناکرێت، کە کاریگەری هەبووە لە سەر بەرەوپێش بردنی سیستمی پەروەردە لە قۆناغێکی نەریتییەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن. بەڵام دەکرێت بڵێین، ئەو چاکسازیانە سنوردارن و بۆ بەشێکی کۆمەڵگان، ئەوەتا ناوچە گوندنشینەکان لە جیاتی دەستگەیشتن بە کوالیێتی خوێندن، ناتوانن بەردەوامی بە خوێندنەکەیان بدەن، بۆ ئەمەش لێتوێژراوی (٥) لەوبارەیەوە دەڵێت: ***" لیرە بەس تا پۆلی ٦ی لێیە، پۆلی ٩ و ١٢ای نییە، جا لێرە بە زۆری شەشی سەرەتایی دەخوینن و واز لە خویندنی دینن"*** هەروەکو دەبینین، هەبوونی گۆڕانکاری لە ژێر ناوی چاکسازی کردن لە سیاسەتی پەروەردە، کە بۆ گرنگیدانە بە بەشێکی کۆمەڵگا، بەشەکەی تری کۆمەڵگاش کە ناوچە گوندنشینەکانن، دەستیان بە کوالیێتی خوێندن ناگات و بەشێکیشیان نەک هەر دەستیان بە کوالیێتی خوێندن ناگات، بەڵکو توانای بەردەوامیدان بە خوێندنیان نییە. ئەویش بە هۆکاری کەم دەرامەتی و هەروەها بە هۆکاری دووری شوێنی جوگرافیان و نەبوونی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت هاوشێوەی ناوچە گوندنشینەکانی بەشێک لە وڵاتانی تر.

## تەوەرەی دووەم: کاریگەری بەربەستە پێکهاتەییەکان لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالیێتی خوێندن

دەکرێت بڵێین، گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم پەروەردەی ناوچە گوندنشینەکاندا بەربەستە پێکهاتەییەکانە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالیێتی خوێندن هەیە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم تەوەرەیە باس لەو بەربەستانە دەکات، کە ڕێگرن لە بەردەم قوتابیان بۆ دەستڕاگەیشتن بە کوالیێتی خوێندن و هاوکات دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی. جا لێرەدا باسی سێ لە بەربەستە پێکهاتەییەکان دەکەین، ئەوانیش بریتیین لە هەژاری، کەم دەرامەتی و جیاوازی جێندەری. دەکرێت بڵێین، لە کۆی ئەنجامدانی (٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەکانی توێژینەوە لە دایبابی قوتابیان، هەموویان کۆکن لە سەر ئەوەی بەربەستە پێکهاتەییەکان هۆکارن بۆ دەسترانەگەیشتنی قوتابیان بە کوالیێتی خوێندن لە ناوچە

گوندنشینەکاندا، بە تایبەتی بەربەستەکانی وەکو هەژاری و جیاوازی جێندەری. هەر وەکو لێتوێژراوی (٣)ی توێژینەوە لە بارەی کاریگەری بەربەستە پێکهاتەییەکان لە سەر دەستپڕاگەیشتن بە کوالیتی خوێندن دەڵێت: ***"ئەمە هەندەک خزمیشن هەنە کە کچیان گەورە بووینە، بەس وەناکات بچیتە دەرەوەی گوندی خۆ، لۆیە دەریان هینا لە خیندن، وە تەڵەبەشن هەبووینە لەبەر هەژاری نەیتوانیە بچیتە مەکتەبێ دەرێ بخینی، لۆیە وازی هینایە و نەیان ناردیتەوە مەکتەبێ"*** لێرەدا دەتوانین بڵێین: بەربەستە پێکهاتەییەکانی وەکو هەژاری و جیاوازی جێندەری دوو هۆکاری سەرەکین، کە بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لە سەر دەستپڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن و تەواو کردنی قۆناغەکانی خوێندن هەیە، بە تایبەت لە کۆمەڵگا کەم دەرامەتەکاندا. نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لە بەشێک لە ناوچە گوندنشینەکانی سەر بە شاری سۆران و هاوکات نەبوونی داهاتی پێویست لە ناو خێزانی ناوچە گوندنشینەکان بە مەبەستی بەردەوامی دان بە خوێندنی منداڵەکانیان. دەکرێت، ئەمە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بێت بۆ سەر کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان و زۆر بوونی ڕێژەی نەخوێندەواری و لە ئەنجامدا، زەرەر دان لە ئابووری وڵات و پێشنەکەوتنی کۆمەڵگا لە لایەنی هزری، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی هەر دوو ئابووریناس(بۆوڵس و گینتیز)ن، کە هاوڕا بوون لە سەر ئەوەی سیستمی پەروەردە، لە جیاتی کەم کردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، ئەوا وەکو ئامێرێکی ئایدیۆلۆژی کار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری (Bowles, and Gintis, 1976). بە پێی بۆچوونی لێتوێژراوان، زۆرێک لە خێزانە گوندنشینەکان بە هۆی نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لە گوندەکانیان، منداڵەکانی خۆیان لە بەرەی خوێندن دەرهێناوە. ئەویش بە هۆکاری ئەوەی لە ڕووی داراییەوە ناتوانن کرێی خوێندنی منداڵەکانیان بدەن. هەروەکو لێتوێژراوی (١) دەڵێت: ***"بەخوای ئەلعان لیرە بەس تا پۆلی ٦ی لێیە، پۆلی ٩ و ١٢ی نیە، ئەوجا ڕێش دوورە، وەزع باش نییە، ئەوجا لیرە بە زۆری شەشی سەرەتایی دەخوینن و دێنە دەرێ"***

ئەم پەراوێزخستنەی ناوچە گوندنشینەکان نەک بە تەنیا نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێنێتەوە، بەڵکو پێچەوانەی یاسا و مافە ڕەواکانی مرۆڤە، کە خوێندن بە مافێکی سەرەتایی هەموو مرۆڤێک، بە خۆڕایی و بێ جیاوازی دادەنێن. نەبوونی بینای قوتابخانە و مامۆستای پسپۆڕ لە گوندەکان، لە هەمانکاتدا پەراوێزخستنی ئەو ناوچانە لە لایەن کاربەدەستانی حکومەت، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هەڵقوڵاوی تیۆرە مارکسیستەکانە، کە پێیان وایە، پەروەردە ڕەوایەتی بە چینی حاکم بەدەست و خاوەن سەرمایە دەدات، هەر بۆیەش هەبوونی کوالیتی بەرزی خوێندن لە سەنتەری شارەکان و نەبوونی لە گوندەکان دەرخەری هەبوونی ئەو جیاوازیانەیە کە لە لایەن سەرمایەدارەکان ڕەوایەتیان پێدەدرێت. بۆیە بەربەستە پێکهاتەییەکان، بە تایبەتیش هەژاری کاریگەری لە سەر دەستاگەیشتنی قوتابیان بە کوالیتی خوێندن هەیە، ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچە گوندنشینەکاندا باوە، کە زۆرجار لەبەر نەبوونی داهاتی پێویست، ناتوانن منداڵەکانی خۆیان بنێرنە قوتابخانەی کوالیتی بەرز. لەم بارەیەوە، لێتوێژراوی (٤) دەڵێت: ***"بە خوای هەر وەکی گۆتم، زروفەکە ئاوا نەبایە، کەس پێی خۆش نییە منداری واز لە خوێندنێ بینن، نەبوونی پارە، بێ معاشی، دووری ڕێگا، هەموو ئەوانە ڕێگرن بە خوای"*** خوێندن وەکو مافێکی سەرەتایی و سروشتی بۆ هەموان، کە لە کارنامەی مافی مرۆڤ و تەنانەت لە سیستمی پەروەردەشدا ڕەوایەتی پێدراوە، لە لایەکی تریش ئاوڕ نەدانەوە لە ڕەوشی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکان و وازهێنانیان لە خوێندن لەبەر نەبوونی بینای قوتابخانەی پێویست و نەبوونی داهاتی پێویست، دوو بابەتی تەواو دژ بەیەکن، بۆیە دەکرێت بوترێت، سیستمی پەروەردە ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی، هەروەکو بیرمەندانی تیۆری بەرهەمهێنانەوە (بۆوڵس و گینتیز)، پێیان وابوو، دەسەڵاتداران و خاوەن سەرمایەکان پەروەردە دەکەنە ئامرازێک بۆ بایەخدان بە چینێک و پەراوێزخستنی چینێکی تر (Bowles, and Gintis, 1976).

## تەوەرەی سێیەم: ئاڵنگارییەکانی بەردەم ڕەوشی خوێندنی کوالێتی لە گوندەکانی شاری سۆران

ناوچە گوندنشینەکان بە هۆکاری کەمی دانیشتوان و دووری شوێنی جوگرافیان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری دەبنەوە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر کوالیتی خوێندن هەیە (Tieken and Montgomery, 2021). هەر بۆیە ئەم تەوەرەیە بە پشتبەستن بە دەقی چاوپێکەوتنەکانی لێتوێژراوان و تیۆری توێژینەوە دەیەوێت وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە بداتەوە، ئەویش بە خستنەڕووی ڕەوشی خوێندن و ئاڵنگارییەکانی لە ناوچە گوندنشینەکاندا. زۆربەی قوتابخانەکانی ناوچە گوندنشینەکان، کە لە سەنتەری شارەکان دوورن، ڕووبەڕووی ئاڵنگاری کەمی خزمەتگوزارییەکان دەبنەوە، کە ئەمەش دەرفەتەکانی خوێندن لەو ناوچانەدا سنووردار دەکات (Mulkeen and Chen, 2008). یەک لەو ئاڵنگاریانە کە ڕووبەڕووی ناوچە گوندنشینەکان دەبێتەوە کەمی سەرچاوە داراییەکانە، کە بودجەی پێویست بۆ قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە خەرج ناکرێت (Tieken and Montgomery, 2021). هەر بۆیە، دەکرێت کاریگەری نەرێنی لە سەر ڕەوشی خوێندن لەو ناوچانە دروست بکات. لێتوێژراوانی توێژینەوە، کە باسی ڕەوشی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکان دەکەن، زۆر بە بێهیواییەوە باسی دەکەن، کە گوێیان بۆ دەگریت، هەست بەوە دەکەی، ئەوان بە تەواوەتی لە کوالێتی خوێندن تێنەگەیشتوون، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت، کە ژینگەیەکی پەروەردەیی لەبار و پێویستیان نەبووە تا لە واتای کوالێتی لە خوێندندا تێبگەن. لە ڕاستیدا، ئەوان هیچ دواڕۆژێک نابینن بۆ منداڵەکانیان، هەروەکو لێتوێژراوی (٤) لە دایبابی قوتابیان دەڵێت: ***"منداری خەرکی ئەوە هەمووی فێرە ئینگلیزی بووینە، ئەوانەی مەش هەر فێری کۆ و کم و ئەی بی سی دەبن، تەواو! ئەدی کوا دواڕۆژی منداڵ؟"*** بێهیوایی دانیشتوانی ناوچە گوندنشینەکان و خەرج نەکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەو ناوچانە، نەک بە تەنیا زەرەر لە دانیشتوانی ناوچەکە دەدات، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر کۆمەڵگا

بە گشتی، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە ناوەندێکی سەرەکین لە کۆمەڵگادا، ئەوان وەکو ناوەندێکی کۆمەڵایەتی، کولتووری، تەنانەت ئابووریش کار دەکەن و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەپێدانی ناسنامەی ناوچەیی و پاراستنی شکۆی وڵات (Tieken and Montgomery, 2021). لە کاتێکدا ناوەندی سەرەکین لە پاراستنی کولتووری نەتەوەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پەراوێز خراون و بە پێی پێویست گرنگیان پێ نادرێت. بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکانی ناوچە گوندنشینەکان لە کەمی مامۆستا، نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ و هەروەها نەبوونی سەرەتایی ترین پێداویستییەکانی خوێندن بێبەشن. دەکرێت بڵێین، تەواوی لێتوێژراوانی توێژینەوە لە بەڕێوبەری قوتابخانە و مامۆستای قوتابخانە، باس لە نەبوونی سەرچاوەکانی خوێندن دەکەن لە قوتابخانەکانیاندا. هەروەکو لێتوێژراوی (١٦) دەڵێت: ***"بە خوای مامۆستا بەس کتێبن هەن، دەنا یەک شتی دیکەی لێنیە، ما ژووری مامۆستای هەیە، تا شتی دیکە هەبن، ئەمن لە ناو کابینەی دەرسی دەریمەوە و تەواو، نە کارەبای هەیە، نە داتاشۆ، هەر ئاوا لە سەر کتێبێ دەرسی دەخینن و تەواو"*** سەرەڕای نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خوێندن، بەشێکی زۆر لە قوتابیانی ناوچە گوندنشینەکان لە کابینەکاندا دەخوێنن. بۆ ئەم مەبەستە، لێتوێژراوی (١٤) لەم بارەیەوە دەڵێت: ***"بە خوای لە ڕووی بیناش، من باسی مەکتەبی خۆن دەکەم کە وەختی خۆ تەیارەی تورکیا لێی دایە، لایەکی ڕووخایە، جا کابینەکن هینایە لۆ تەڵەبەن دانایە"*** خوێندن لە کابینە و نەبوونی کارەبا و داتاشۆو لە لایەک، لە لایەکی تر کێشەی کەمی مامۆستا و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ یەکێکی ترە لە ئاڵنگارییەکان لەو ناوچانەدا. کەواتە، دەتوانین بڵێین، زۆربەی گوندەکانی شاری سۆران ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگاریانە بوونەتەوە، یەکێک لە بەڕێوبەری قوتابخانەکان کە لێتوێژراوی (١٥)ی ئەم توێژینەوەیە، باس لە نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ دەکات و دەڵێت: ***"بەڵێ مامۆستا، هەموو دەرسەکان بە پۆلی یەک و دوو ئەڵێمەوە، لەبەر مامۆستای، چونکە مامۆستا هاتوچۆی دەکات جا ئەو پێی ناکرێت بمینیتەوە"*** لێرەدا بەڕێوبەری قوتابخانە

سەرجەم وانەکان بە پۆلی یەکەم و دووەم دەڵێتەوە، وەک خۆی باس دەکات و دەڵێت: ئێمە تەنیا دوو مامۆستاین و (١٨) قوتابیمان هەیە، مامۆستایەکم هەیە، کە ئەویش هاتووچۆ دەکات، بۆیە ئەو مامۆستایەشی کە لەگەڵیەتی سەرجەم وانەکانی پۆلی (٣، ٤، ٥، ٦) دەڵێتەوە. لێرەدا بە بۆچوونی لێتوێژراوان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە کەمی مامۆستا و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ هۆکاری سەرەکین کە کاریگەرییان لە سەر کوالیتی خوێندن لە بەشێک لە ناوچە گوندنشینەکاندا هەیە (Mulkeen and Chen, 2008). زۆربەی دایبابی قوتابیان لە ناوچە گوندنشینەکان نەخوێندەوارن و بە پێی پێویست ناتوانن پشتگیری پەروەردەیی منداڵەکانیان بکەن. ڕەنگە ئەمەش زیاتر بارگرانی بخاتە سەرشانی مامۆستا لە کاتی وانەوتنەوەدا ( Adedeji and Olaniyan, 2011). هەر بۆیە زۆربەی مامۆستایان نایانەوێت لە ناوچە گوندنشینەکان کار بکەن و وانە بڵێنەوە، ئەویش زیاتر بە هۆی کەمی مووچە و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەو ناوچانەدا (Tieken and Montgomery, 2021). هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، ڕەوشی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکانی شاری سۆران ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، خراپی بارودۆخی ڕەوشی خوێندن لەو ناوچانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر دانیشتوانی گوندەکان و کەرتی پەروەردە هەیە، کە لە لایەک زەرەر لە قوتابیانی ئەو ناوچانە دەدات و لە مافی خوێندن بێبەشیان دەکات، لە لایەکی تر نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنێتەوە و جیاوازی چینایەتی زیاتر دەکات. یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی تر لە ناوچە گوندنشینەکاندا، نەبوونی بینای قوتابخانەی بنەڕەتییە لە پۆلی (٧) تا پۆلی (٩). هەروەها لە بەشیکی زۆر لە گوندەکانی تر، نەبوونی بینای قوتابخانەی ئامادەییە لەو ناوچانەدا. هەربۆیەش، لە ئەنجامدا بەشێکی هەرە زۆری قوتابیان واز لە خوێندن دەهێنن، ئەگەر قسەی لێتوێژراوی (١٣)ی توێژینەوە وەرگرین، کە سەبارەت بە نەبوونی بینای قوتابخانەی ئامادەیی قسە دەکات و دەڵێت: ***"وەڵە دەبی بچنە گوندێکی تر یان شارێکی تر، دەبی پاس بگرن، پاسیش لە گوندی نییە، بە پێیانیش ناگەنێ، جا مەگەر ئیلا***

***سایاق پیکاب"*** بە پێی بۆچوونەکانی لێتوێژراوان، خەڵکی ناوچە گوندنشینەکانی شاری سۆران، سەرەڕای نەبووی بینای پێویست، خوێندن لە کابینە، نەبوونی پێداویستییەکانی خوێندن، کەمی مامۆستا و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ، ئەوان کێشەی نەبوونی بینای قوتابخانەی ئامادەییان هەیە. لەم بارەیەوە، لە وەزارەتی پەروەردەی (٢٠٠٩)ی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، کە دەڵێت:

"دوای تێپەڕاندنی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە هەموو بابەتەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی، قوتابی مافی هەیە پەیوەندی بە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی حکومی بێبەرامبەر بکات، بە مەرجێک تەمەنی لە (٢٠) بیست ساڵ تێپەڕ نەبێت و پێویستە خوێندکار بەر لە تێپەڕ بوونی بە (٢٤) بیست و چوار ساڵی، قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبێت"

لە کاتێکدا، وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە یاسا مافی خوێندنی ئامادەیی بە خۆڕایی دەداتە هەموو هاونیشتمانیان، کە دەکرێت بڵێین، وەزارەتی پەروەردە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی دەستڕاگەیشتنی بێبەرامبەر بە خوێندنی ئامادەیی دابین دەکات، ئەمە لە کاتێک دایە، کە لە بەشێک لە گوندەکان کێشەی نەبوونی بینای قوتابخانەی ئامادەیی هەیە، هەر وەکو لە سەرەوەدا باس کراوە. لە لایەکی تر، لە بەشێکی تر لە ناوچە گوندنشینەکان، کێشەی نەبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی قۆناغی (٩،٨،٧)یان هەیە، هەر بۆیەش، زۆربەیان تا قۆناغی (٦)ی سەرەتایی دەخوێنن و بەشێکیان ناچارن واز لە خوێندن بێنن. بێپلانی حکومەت و نەبوونی داهاتی پێویست بۆ قوتابیانی ئەم ناوچانە، بۆتە بەربەستێک بۆ ئەوەی بە ناچاری واز لە خوێندن بێنن، هەروەکو لێتوێژراوی (٢) لە دایبابی قوتابیان بە بێهیواییەوە دەڵێت: ***"بە خوای ئەلعان لیرە بەس تا پۆلی ٦ی لێیە، پۆلی ٩ و ١٢ی نییە، ئەوجا ڕێش دوورە، وەزع باش نییە، ئەوجا لیرە بە زۆری شەشی سەرەتایی دەخوینن و دێنە دەرێ"*** ئەمە لە کاتیکدا لە بەندی (٣)ی یاساکانی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە و دەڵێت:

"بە مەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان و تەندروستی فرەڕەهەند، کە بتوانێت لەگەڵ بەرهەمەکانی جیهانگیری مامەڵە بکات، قوتابخانە بنەڕەتییەکانی دەرگاکانی خۆیان بۆ سەرجەم

منداڵان ئاوەڵا دەکەن بە بێڕەچاوکردنی ڕەگەز، نەژاد، ئایین، توانا، باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەموو منداڵان وەردەگرن و پەرە بە گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەیان دەدەن"(وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٩ :٧).

لێرەدا، پاڵپشت بە تیۆری توێژینەوە، کە پەروەردە وەکو ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی باس دەکەن، کە تەنیا لە ڕواڵەتدا داوای کۆمەڵگایەکی یەکسان و پەروەردەیەکی یەکسان دەکەن، لە جیهانی ڕاستەقینەدا کار دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی جیاوازی چینایەتی نەوەکو کۆمەڵگایەکی یەکسان. وەزارەتی پەروەردە، لەگەڵ ئەوەی بە نووسراوی فەرمی پاڵپشتی لە قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی دەکات بێ جیاوازی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێک لە قوتابیانی ناوچە گوندنشینەکان بە هۆی نەبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی واز لە خوێندن دەهێنن. لە ساڵی ٢٠٠٨ دکتۆر دڵشاد عبدالرحمن وەزیری پەروەردە لە کابینەی پێنجەم، لە پێشەکی فرمانی دەرکردنی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا، ئاماژە بە چاکسازی ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردەییدا دەکات و دەڵێت:

"لە ڕوانگەی ئەو ڕاستیەی کە چەمکی گۆڕین و ڕیفۆرم لە بواری پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکی هەمەلایەنی فرە ڕەهەندە، دەبێت سەرجەم جومگە بنەڕەتییەکانی ئەو بوارە بگرێتەوە، پێویستە ئاڕاستەیەکی هەمەلایەنی ستراتیژی وای هەبێت کە کار لە سەر هەموو ئەو جومگە بە یەک بەستراوانە بکات وەک سیستەمێکی تەواوکار"

بە پێی نوسراوی فەرمی لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە داوای چاکسازی ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کابینەیەکی وەزارەتی پەروەردە نەیتوانیوە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی پەروەردەدا بکات، بەڵگەش بۆ ئەوە، دەقی چاوپێکەوتنەکانی لێتوێژراوانە لە ناوچە گوندنشینەکاندا. هەر بۆیە دەکرێت بڵێین، ڕەوشی خوێندن لە گوندەکانی شاری سۆران، لە ئاستێکی خراپی پەروەردەییدایە، سیستەمی پەروەردە نەک نەیتوانیوە کوالێتی خوێندن بۆ قوتابیانی ناوچە گوندنشینەکان دەستەبەر بکات، بەڵکو لە دیدی لێتوێژراوانی

توێژینەوە ڕەوشی خوێندن لەو ناوچانەدا، لە ئاستێکی خراپی پەروەردەییدایە و لە ڕووی خوێندن و پێداویستییەکانی خوێندن تاڕادەیەکی زۆر پەراوێز خراون.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە سیاسەتی پەروەردەدا ڕوویاندا، بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کاریگەری بەرچاویان هەیە لە سەر بارودۆخی خوێندن و دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموان، بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، بە تایبەتی تر ڕەوایەتیدان بە دامەزراندنی قوتابخانەی ناحکومی لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە، کە هەم بەشێکە لە گۆڕانکارییەکان کە دەخوازێت سیستەمی پەروەردە بەرەوپێش ببات، هەم هۆکارێکە بۆ ئەو جیاوازیەی لە نێوان دانیشتوانی شارەکان و ناوچە گوندنشینەکان هەیە، لە دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین، گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتی پەروەردەییدا لە سیاسەتێکی سۆسیالیستی بۆ سیاسەتێکی نیولیبرالیزمی، کاریگەرییان هەیە لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن. هەروەها دەکرێت بڵێین، بوونی بەربەستە پێکهاتەییەکانی وەکو خراپی بارودۆخی ئابووری و نایەکسانی جێندەری، هۆکاری سەرەکین لەبەردەم قوتابیانی ناوچە گوندنشینەکان لە دەستڕانەگەیشتنیان بە کوالێتی خوێندن. لە لایەکی ترەوە، سیاسەتی نیولیبرالیزم کاریگەری لە سەر بەرهەمهێنانەوەی ئەو نایەکسانییە لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن هەیە، بەوەی نیولیبرالیزم ڕێگا بەو جیاوازیانە دەدات کە لە ناو کۆمەڵگادا هەبن، لە لایەکی تر، پەروەردە وەکو کاڵایەک بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو جیاوازیانە لە دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن لە شار و لە گوندەکاندا. هەروەها لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا، دەرکەوتووە کە ڕەوشی خوێندن لە گوندەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری جیاواز بۆتەوە لەو ناوچانەدا، هەروەها لە بارودۆخێکی خراپی پەروەردەیی دایە، بە جۆرێک بە ئاسانی دەستیان ناگات بە کوالیتی خوێندن.

## دووەم: پێشنیازەکانی توێژینەوە

١-ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە سەر ئاڵنگارییەکانی بەردەم ڕەوشی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکان.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە سەر کاریگەری سیاسەتی نیولیبرالیزم لە سەر کوالێتی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکاندا.

٣-ئەنجامدانی توێژینەوە لە بارەی کاریگەری بەربەستە پێکهاتەییەکان لە سەر دەستڕاگەیشتن بە کوالێتی خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکاندا.

## سێیەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١- دارشتنی سیاسەتێکی گونجاوتر بۆ سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک سیاسەتی پەروەردەیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دابڕێژرێت، نەوەکو لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بە مەبەستی، چاکسازی کردن لە سیستمی پەروەردە و کەم بوونەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی.

٢-دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان سود لە پلان و بەرنامەکانی وڵاتانی تر وەربگرێت بۆ چارەسەری کێشەکانی پەروەردە لە ناوچە گوندنشینەکان. وڵاتانی ژاپۆن، نەرویج، فینلەندا، بەریتانیا و ئوسترالیا خوێندنگەی نێشتەجێ بوونیان دروست کردووە بۆ قوتابیانی ناوچە دوورەدەستەکان، کە تیایدا حکومەت هەم یارمەتی دارایی پێشکەش بە خێزانەکان دەکات بە مەبەستی ناردنی منداڵەکانیان بۆ ئەو خوێندنگانە، هەمیش شوێنی نیشتەجێ بوون و چاودێری تەندروستی بۆ مانەوەیان بە پارێزراوی. لە زۆرێک لە وڵاتان، بە تایبەت وڵاتی نەرویج خوێندنگەی تایبەت بە گەورەساڵانی گوندەکانیش کراوەتەوە، بۆ ئەوەی لەم وڵاتە هیچ کەسێک نەخوێندەوار نەبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت یەکەیەکی نیشتەجێ بوون بۆ

قوتابیانی گوندنشینەکان لە شارە گەورەکانی وەکو هەولێر، سلێمانی و دهۆک دروست بکات و هاوکاری داراییان بکات بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە مافەکانیان لەو ناوچانە.

٣-دەکرێت، هاوشێوەی وڵاتانی تری، وەکو کەنەدا و ئوسترالیا و بەشێک لە وڵاتانی تری جیهان، پاس و ئۆتۆمبێلی گەرۆک دابین بکەن بۆ ناوچە دوورەدەستەکان، بە مەبەستی درێژەدانیان بە خوێندن و دەستراگەیشتنیان بە کوالیتی خوێدن لە شارەکاندا.


**الملخص**

إنّ التغيرات في السياسة التعليمية، تعني جميع التحولات التي طرأت على نظام التعليم في إقليم كوردستان بعد سقوط النظام البعثي في العراق عام 2003. وانطلاقًا من ذلك، تسعى هذه الدراسة إلى الكشف عن أثر تلك التحولات في السياسة التعليمية للوصول إلى جودة التعليم في المناطق المحيطة بالمدن. وتهدف الدراسة إلى التعرف على انعكاسات هذه التغيرات على جودة التعليم، فضلًا عن استجلاء واقع التعليم في المناطق شبه الحضرية والمعوقات التي تعترض الوصول إلى تعليم ذي جودة عالية. كما تحاول الدراسة تحليل العلاقة بين السياسات النيوليبرالية والنظام التعليمي، وبيان دور هذه السياسات في تكريس اللامساواة الاجتماعية وانعكاسها على فرص الوصول إلى تعليم نوعي.

استندت الدراسة إلى نظرية إعادة الإنتاج (Reproduction Theory) في تفسير الظاهرة المدروسة. واعتمدت على المنهج الكيفي، حيث جُمعت البيانات من خلال مقابلات شبه منظَّمة، إضافة إلى الاعتماد على البيانات الثانوية. واشتملت عينة البحث على (18) مشاركًا من مديري المدارس والمعلمين وأولياء أمور التلاميذ في المدارس الابتدائية الواقعة في المناطق شبه الحضرية.

أظهرت نتائج الدراسة أن التغيرات في السياسة التعليمية كان لها أثر مباشر على فرص الوصول إلى تعليم ذي جودة، لا سيما في المناطق شبه الحضرية، حيث مثّلت الفقر والفوارق الجندرية أبرز التحديات المعيقة. كما بيّنت النتائج أن السياسات النيوليبرالية أسهمت في إعادة إنتاج مظاهر اللامساواة الاجتماعية وتكريس الفجوة في فرص التعليم.


**الكلمات المفتاحية :**التعليم، السياسة التعليمية، جودة التعليم.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


جۆرج ڤێرنز و هاوکارانی (٢٠١٦) *هەنگاوەکان بۆ باشترکردنی کوالێتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.*

مەنوچێهر موحسینی (٢٠٠٦) *دەروازەکانی کۆمەڵناسی.* و: ڕێبوار سیوەیلی و هاوکارانی، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

نورمان نوری عبدالله، (٢٠٢٣) ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن لە پارێزگای هەولێر ١٩٩٤-١٩٩٨. *گۆڤاری تویژەر،* ٦(١)، ٣٤٣-٤١٠، ڕێکەوتی دوا سەردانی ٤ی تەمموزی ٢٠٢٥ لە

https://share.google/MniMWKci6CXkGuDu4

وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٩) *یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق.*


### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


Adedeji, S. and Olaniyan, O. (2011) *Improving the Conditions of teachers and teaching in rural schools across African countries*. Addis Ababa: UNESCO.

Althusser, L. (1971) *Ideology and Ideological State Apparatuses. In Lenin and Philosophy and Other Essays*. Monthly Review Press.

Backer, D. and Cairns, K. (2021) Social reproduction theory revisited. {Online}. *British Journal of Sociology of Education*, Last Accessed 23 July 2025 at: https://www.researchgate.net/publication/353494091_Social_reproduction_theory_revisited

Barrett, Angeline et al. (2006) *THE CONCEPT OF QUALITY IN EDUCATION: A Review of THE 'INTERNATIONAL' LITERATURE ON THE CONCEPT OF QUALITY IN EDUCATION*. University of Bristol.

Bowles, S. and Gintis, H. (2011) *Schooling in Capitalist America*. 2nd ed. Chicago, Haymarket Books.

Bowles, S., & Gintis, H. (1976). Schooling in Capitalist America: Educational Reform and the Contradictions of Economic Life. Basic Books

Bryman, A. (2016) *Social Research Methods.* 5nd ed. United Kingdom, Oxford University Press.

Cedering, M. and Wihlborg, E. (2020) *Village schools as a hub in the community – A time-geographical analysis of the closing of two rural schools in southern Sweden*. University of Uppsala.

Cole, M. (2012) *Bowles and Gintis Revisited: Correspondence and Contradiction in Educational Theory.* {Online}. Last Accessed 23 July 2025 at: https://doi.org/10.4324/9780203064535

Creswell, J, W. (2013) *Research Design: Qualitative, Quantitative and Mixed Methods Approaches*. Sage Publications.

Kvale, S. and Brinkmann, S. (2009) *Interviews: Learning the Craft of Qualitative Research Interviewing*. 2nd. Sage Publications.

Ministry of Education (2022) Changing, Developing and Printing English Language Curriculum in Schools of Kurdistan Region-Iraq. {Online}. Last Accessed 20 August 2025 at:

https://govkrd.b-cdn.net/Ministries/Ministry%20of%20Education/English/Publications/Tenders/2022/changing,%20Developing%20and%20Printing%20English%20Language%20Curriculum%20in%20schools%20of%20kurdistan%20Region.pdf

Mulkeen, A. and Chen, D. (2008) *Teachers for Rural Schools: Experiences in Lesotho, Malawi, Mozambique, Tanzania and Uganda.* {Online}. World Bank Publications, Last Accessed 23 July 2025 at:

https://share.google/6c0CXCQ82osscbyEp

Pir, H. (2024) *Iraqi Education Past and Present: The Role of Policymakers and Their Ideological Background*. Thesis (PHD). University of Nebraska.

Ryzhov, Alexey et al. (2021) The Concept of the “quality of education” and the definition of methods to measure it. {Online}.*Research Gate*, Last Accessed 5 July 2025 at:

https://www.researchgate.net/publication/349918820_The_content_of_the_concept_quality_of_education_and_the_definition_of_methods_to_measure_it

Suoranta, J. (2020) Lenin on Learning and the Development of Revolutionary Consciousness. {Online}. *Research Gate*, Last Accessed 8 July 2025 at: https://www.researchgate.net/publication/340591699_Lenin_on_Learning_and_the_Development_of_Revolutionary_Consciousness

T, Premalatha (2022) Quality in Education. {Online}. *Research Gate*, Last Accessed 5 July 2025 at:

https://www.researchgate.net/publication/364254097_Quality_in_Education

Tieken, M. and Montgomery, MK (2021) *Challenges Facing Schools in Rural America*. {Online}. Last Accessed 22 July 2025 at: https://www.google.com/url?sa=t&source=web&rct=j&opi=89978449&url=https://files.eric.ed.gov/fulltext/EJ1286832.pdf&ved=2ahUKEwjit6yO69COAxU27rsIHcKzATAQFnoECBIQAQ&usg=AOvVaw0Y218moJJwzg8wbJY8T2v3

Whitty, G. (2002) *Sociology and School Knowledge: Curriculum Theory, Research and Politics*. {Online}. British Library Cataloguing in Publication Data, Last Accessed 23 July 2025 at: https://share.google/eSRSzmqePAzUTM3xl